# له سلێمانی حیزب ده‌سه‌ڵاته‌, له‌هه‌ولێریش ده‌وڵه‌ت

**حه‌مه‌ره‌شی هه‌ره‌س**
hemereshid@hotmail.com

به‌ ناونیشانی ئه‌م نووسینه‌دا بمه‌وێت و نه‌مه‌وێت ده‌بمه‌ لایه‌نی هه‌ولێر و رووبه‌رووی سلێمانی ده‌وه‌ستمه‌وه‌ كه‌ ئه‌وه‌م زۆر پێناخۆشه‌و ده‌مێكیشه‌ بۆته‌ خولیای مژم, به‌ڵام بۆیه‌ ئه‌مڕۆ ئه‌وه‌ پیاده‌ ئه‌كه‌م چونكه‌ له‌ سایته‌كاندا به‌ شێوازێكی سه‌رنج راكێشه‌ر پڕۆپوپاگه‌نده‌یه‌كی شه‌پۆلئاسا به‌ره‌و هه‌ولێر لرفه‌ده‌كات و چاو له‌ ڕاستیه‌كان نووقاوه‌و ده‌یانه‌وێت هه‌ر به‌ قاڵه‌ی ده‌م ده‌سه‌ڵاته‌كه‌ی سلێمانیمان لێبكه‌ن به‌ ده‌سه‌ڵاتی ده‌وڵه‌تانی ئه‌سكه‌ندنافی و به‌هه‌شته‌كه‌ی زه‌رده‌شت.

چه‌ند شه‌وێك له‌مه‌و پێش له‌ سه‌ته‌لایتی كوردساته‌وه‌ بێژه‌ره‌كه‌ی سالآنی حه‌فتاو هه‌شتاكانیان خستبۆوه‌ سه‌ر خه‌ت و به‌ هه‌مان شێوازی دێرین كاكی بێژه‌ر فووی پێدا ده‌كردو نه‌ره‌ نه‌رێكیبوو یه‌كه‌مجار وامزانی دوژمن ده‌وری سلێمانی داوه‌. نه‌خێر پاش كه‌مێك ده‌ركه‌وت ئه‌مه‌یان بۆ پروپاگه‌نده‌ی هه‌ڵبژاردن هێناوه‌ته‌وه‌ تاكو ئه‌م براده‌ره‌ كاتی زێرینی ده‌سه‌ڵاته‌كه‌ بیر جه‌ماوه‌ر بخاته‌وه‌و له‌سه‌ر ژێی هه‌مان ئاواز سۆزی شه‌خته‌به‌ستووی جه‌ماوه‌ر بووروژێنێت, بێگومان ئه‌و نووسینه‌ش كه‌ ده‌یخوێنده‌وه‌ هی شاعیری زل و قه‌به‌ی كوردبوو و به‌نده‌ پێی ئاشنابوو كه‌ له‌ سالآنی 74و75دا چه‌ند نووسینێكی له‌و شێوازه‌یم له‌ ڕادیۆی ده‌نگی كوردستاندا خوێندبۆوه‌, دواتر وشكیكردو ترس له‌وناوه‌ی دوورخسته‌وه‌. ئه‌وه‌ی لێره‌دا ده‌مه‌وێت بیڵێم ئه‌و شیوازی نه‌ڕه‌نه‌ڕه‌ ئێستا باوی نه‌ماوه‌و جگه‌ له‌وه‌ش خه‌ڵكی په‌رده‌ی گوێی ته‌نكبووه‌و هه‌ر بۆ بیستنی راستی به‌كاریده‌هێنێت, كاكی بێژه‌ر:( درۆزن هه‌ر یه‌كجار ناشتاده‌كات) ئه‌و هه‌موو شۆڕشگێڕه‌ی كاتی خۆی به‌ بۆچوونی ئێوه‌ بۆ كوردیانده‌كرد به‌شێكی به‌رچاویان فایلره‌ش ده‌رچوون و, ئه‌وه‌ی ماویشه‌ته‌وه‌ زۆربه‌یان دوو ژنی فه‌رمی و كۆمه‌ڵێكیش نافه‌رمیان هه‌یه‌و, هه‌ندێكی تریش به‌ بڕوا نامه‌ی حوجره‌وه‌ وه‌زیرن و, ئه‌وه‌ی كوێره‌ خه‌تێكیشی هه‌یه‌ له‌ بڕوانامه‌ی دكتورا كه‌متری ناوێت, ( دكتۆر كه‌مال خۆشناوی سه‌رۆكی زانكۆی سلێمانی پێشئه‌وه‌ی كۆچی دوایی بكات له‌ ئه‌مه‌ریكا چاره‌سه‌ری خۆیده‌كرد براده‌رێكم چووبوو بۆ دیه‌ده‌نیی به‌رێزیشی له‌ بابه‌ت زانكۆوه‌ دووابوو فه‌رمووبووی: بڕوابكه‌ مه‌رگی خۆم به‌ ئاواتئه‌خوازم له‌ داخی ئه‌وانه‌ی هه‌ربه‌زۆری زۆرداری و بێئه‌وه‌ی ده‌وامی زانكۆشبكه‌ن داوای بڕوانامه‌ی دكتۆرام لێده‌كه‌ن, ئه‌وه‌ قیروسیا له‌وه‌ی كاتی خۆی ناوه‌ندیشیان پێ ته‌واونه‌كراوه‌). ئه‌مه‌جگه‌ له‌وه‌ی هه‌ریه‌كه‌یان فیرعه‌ونێكه‌ و خانووی ئه‌وتۆیان دروستكردووه‌, تاماوه‌یه‌كی درێژ خۆشیان شاره‌زای نه‌ده‌بوون و تیایدا بزرده‌بوون.ئه‌وه‌ش هه‌ر نه‌یسه‌ وا ورده‌ ورده‌ ده‌ره‌به‌گیشیان دروستكردۆته‌وه‌ هه‌ر له‌ په‌ستا قه‌ڵای ده‌ره‌به‌گه‌و ده‌چێت به‌ ئاسمانا ( لێره‌دا له‌گه‌ڵ هه‌ولێریشمه‌) به‌ڵێ جاران قه‌ڵای ده‌ره‌به‌گه‌كان له‌ دێهاته‌كاندابوون ئێستا له‌ناو شاره‌كاندان. هه‌رچی سه‌رمایه‌ی كوردستان هه‌یه‌ له‌باخه‌ڵی ئه‌و چینه‌ نه‌خوێنه‌واره‌ فیۆدالآنه‌دایه‌ ئه‌مه‌ مه‌ترسییه‌كی زه‌به‌للاحه‌ ( بیرێكی وردی لێبكه‌نه‌وه‌) خوێنده‌واریش ئه‌وه‌ی كه‌ زوڕنایان بۆ لێنادات وه‌ك زه‌رنه‌قووته‌ مانگه‌و مانگ بۆ مووچه‌ مه‌مره‌و مه‌ژێكه‌ی زاری به‌شده‌كاته‌وه‌.( لێره‌شیاندا له‌گه‌ل هه‌ولێریشمه‌).

وا دووسێ ڕۆژیتر هه‌ڵبژاردنه‌ مام جه‌لال له‌گه‌ڵ به‌ڕێزتانه‌: چاره‌نووسی ئه‌و چوارسه‌د پارچه‌ زه‌وییه‌ی له‌ كۆیه‌ پێشكه‌شی توركومانه‌كانتكرد چی به‌سه‌رهات ؟ كردیان به‌خانوو؟ تاپۆتكرد بۆیان؟ وه‌ك له‌ فلیمه‌كدا په‌یمانت پێدان ئاووكاره‌بات بۆ راكێشان؟

مامه گیان ڤیروسیا له هەموو پارەیەی پیاتا کیشاوەو ئەندامانی حیزبەکەت بەڕاشکاوی پەنجەیان بۆ ڕاکیشاوەو هەفتەنامەی هاوولاتی بلاویکردەوە, یالای ئەکرد دەبووی بەیەکەم دەولەمەندی هەموو دنیا, نۆشی گیانی خۆت و خانەوادە بەڕێزەکەتان بێت, بەلام دەستم دامێنت وەره له بەخشینی ئەو زەویانه پەشیمان بەرەوە, بەڕێزتان چاك دەزانن چۆن بیانووبگرن, دەدەی بیانوویەك لەو تورکانەش بگرەو ئەو زەویانه بخەرەوە سەر کوردستان, به زەردەشتی مەزن ئەگەر ئەم هەنگاوە پیرۆزە بنێیت هەتا ماوم جەلالی نەبێت هیچی دیکه نابم, که له کاژیك بەولاوە ئەندامی هیچ لایەنێك نەبووم. ئاخر مامەگیان کۆیه کەی تورکومانی تێدابووە؟ ئاخر مامەگیان ئەو چوارسەد مالە تورکومانه دەسالی دیکه دەبن به دووئەوەندەو دواییش به دوو ئەوەندەی دیکەو کاتیك نەوەکانمان خەبەریان دەبێتەوە تورکومان کۆیەش داگیردەکەن و وەك ئێستای کەرکووکی لێدەکەن.
مامه گیان فریامکەوه هەرچەند بیری لێدەکەمەوه خەریکه شێتئەبم.
کاکی بێژەر با بێمەوه لای بەڕیزتان, ئەی تۆ بۆ وەك من لەو سەر سەتەلایته به هیمنی نەك نەڕه نەڕ له مام نەپاڕایتەوه بەشکو دلێت نەرمبکردایەو ئەو زەویانەی له دەست تورك دەربهێنایەو بیدایه بەو دایکی شەهیدانەی که دەتانووت: ( شەهیدبوون دوکتورایه). تووەمس مەبەستان لەوە بوو ئەگەر ئەوان شەهیدبوون سەرکردەکان وەك ئێستا به چەقەنەیەك دەبنه خاوەنی دکتۆرا, بەلێ ڕاستان فەرموو دکتۆر کەمالیش ئەو داخه کوشتی.
جا بابێمەوه سەر ناونیشانی باسەکەم که دەلێم : له سلێمانی حیزب دەسەلاته, له هەولێریش دەولەت. وەك لەبەرچاوه له ڕاگەیاندنی هەردوو لادا که ڕاگەیاندن پێناسەو شێوەی دەسەلات دەگەیێنێت, دەسەلاتی هەولێر بایەخ به هەموو کوردوستانییەك دەدات بێ گوێدانه بیرو بۆچوونی تیشکی دەخەنەسەرو لەناو تەمومژی بیرچوونەوەدا بزریناکەن, کەسانی ڕامیار,نووسەر, هونەرمەند, هەر دەموچاوێکی شایسته هەرچەنده دووریشبێت له بۆچوونیانەوە, تەنانەت دژایەتیشیان بکات. ئەمه که دەیلێم بەدەر له هەموو تێبینیەکم دەربارەی کەم و کوڕی و ئیتر هەموو ئەو ناتەواویانەی که بێ له هاندان و کینه لەبەرچاون. کەچی له سلێمانی لەگەلیان نەبیت و هەر بەتەنها سووکه ڕەخنەیەك بدرکێنیت و به سووسه پێتبزانن پێتناخورێن , حەزدەکەی ئەحمەدی خانیبەو زیندوبەرەوە, شەرەخانی بەدلیسبە, مەسعود محەمەدبە, جەمال نەبەزبە,گەورەترین هونەرمەندو خاوەن هەلوێستبە, مەزنترین و ڕاستگۆترین نووسەربە, له بازاڕەکەی ئەواندا یەك عانه ناهێنیت و کەسیان نالێن بارت بەچەند, به پێچەوانەیشەوە به زۆره ملی بچۆره کۆلی بازرگانی,خۆت هەلواسه به نووسینا, دەست بنیره بینەقاقای هونەر, به سیاسەتبازی نەتەوەیەك قڕکە, هەر به مەرجیك به ڕەواو ناڕوا دەماری ملت بۆ بەرژەوەندی ئەوان سووربکەیتەوە, ئیتر ئەوه بوویته قورسترین بازرگان , شاعیری زل و قەبەی کورد, هونەرمەندی زەبەللاح, نووسەری بالا بلندی بالاحووچ.
جا دیسانەوه دێمەوه سەر ناو نیشانی ئەم نووسینەو دەلێم من ڕووی زارم کردۆته سەر ئەو لایەنەی خویان بەنموونەی پێشڕەوی و مۆدیرنێتی دەزانن و ئەوەش ڕەوشەکەیانه. بۆ بیانووبڕینیش وا دەلێم: گریمان هەرچی ئەوان بەبەرامبەری دەلێن دروسته, کەچی چمکێکی بچووکی هەر پەردەیەکی بوارەکانی ژیان لەسەر خۆشیان هەلدەیتەوە, وێرانه سارێکه ناگەیته ئەوسەری, مام جەلال دەنووسێت: ڕۆژنامەنووسان که دێنه سلێمانی دەلێن وادەزانین له شارێکی ئەورووپاین و خەلکەکەی به کوردی دەدوێن. ئەم ئەورووپا بوونەش بۆ ئازایەتی و دلسۆزی سەرۆکی شارەوانیەکەی دەباتەوە ! ! مامەگیان تۆ هەزار سال تەمەنت بێت, عەدنان خەیرولای کورەخالی سەدام پێش چارەکەسەدەیەك هەمان نوتقی داوه, سلێمانی هەر له کاتی برایم پاشای بابانەوە نموونەی هەموو شارەکانی دەڤەرەکەبووه بۆ ئاوەدانی و پاك و تەمیزی, ئەمەش ئازایەتی نەوه دوای نەوەی شارەکەیه, کەس ناتوانێ ئەو منەتەیان بەسەردابکات و ئەو داهاتەی ئەو شاره بەدەستی دێنێت و حەزو ئارەزووی مەردمەکەی بۆ ئاوەدانکردنەوە زۆر لەوە زیاتری بەبەرەوەیەو ئێستاش هەر ئەوەنده دەلێم ئێوه دەست مەخەنه کاروباریانەوەو بۆیان چاك مەکەن باخراپنەبێت, مالت نەشێوێت ئەوەنده به ڕەواو ناڕەوا چەپلەیان بۆ کوتاویت ئیتر وادەزانی هەرخۆت دەزانیت شتەکان وردکەیتەوە, ئەوه

باشبوو بیرمکەوتەوە ئەوەندە ئەو چەپڵە ڕێزانە مەخەنە سەر تەلەفزیۆن, ئاخر خۆتان نازانن جەماوەر سوکانەکەی هایدرۆلیکەو بە ئاسانی هەڵدەسووڕێت.لە نێوان چەپڵەڕێزانیان و تەماتە هاوێشتنیانا یەك بادانی بچووکی ئەو سوکانەیە, ئەها ماوەیەك لەمەو پێش ئەوەندەی نەما پێچیان پێبکەنەوەو هانات بۆ ئەوبەر بردو یەکلیستێکەت پیادەکرد, باشبوو ئەو خێرەی پێوەبوو, ئەگینا ئێستا کوردوستان (کەوچکە قولەی تیا نەدەگەڕا).

ئەوە زۆر نزیکە یەکدوو هەفتەی دیکە ببنە سەرۆکی ئایندەی عیراق, دەستم دامێنت, نەمانپێچیتەوە لە قەباڵە بڤەکانی نێونەتەوەییەوە, وەك جاری پێشوو لەبەر خاتری ئیمزایەکی مێژوویی بەڕیزتان قوڕ بۆ کورد مەگرنەوە, ئای باوکەڕۆ دەبێت چی چاوەڕوانی چارەنووسی ئەم کوردە خێرنەدیوەبکات؟  لەوەدەچێت ئەمجارە کە سەریان تاشین ئاوینەکە بدەنە دەست ئێوەو عەرەبی برامان تاوانبارنەکەن.

ئاخ ئینگلیز.............................نەمبڕیوەتەوە بۆ دوای هەڵبژاردن.

2005/1/29